## زانایانی کورد

ئەوە ناوی کتێبێکە مامۆستا محەمەد ساڵح ئیبراهیمی(شەپۆل) نووسیویەتی. نووسەر، ژیاننامەی بۆ ٢٩ نووسەر و زانا و مەلا و ئەدەبیی کورد رێک خستوە کە هەندێکیان روخساری ناسراوی وەک خانا و مەستوورەن، هەندێکی تریشیان مەلا و شاعیر و خوێندەواری ناوچەی بۆکان و موکریانن. هۆی ناوهێنانی کتێبەکەش لێرەدا، هەر ئەو کەسانەن.
لە خەڵکانی ناوچە، ئەوانەی وا لە کتێبەکەدا ناویان هاتوە، بریتین لە:
مەلا کەریم شاریکەندی، مەلا مارفی کۆکەیی و چەندین مەلا و زانای خەڵکی مەهاباد و سەقز.
لەبەشی کۆتایی کتێبەکەشدا هەندێ باسی لەمەڕ بەیت وێژ و گۆرانی چڕانی کورد پێشکەش کردوە، کە یەکیان حەسەن زیرەکە و چەند گۆرانییەکیشی ناو بردوون.
کتێبەکە لەباری رێک خستنەوە هەندێ تەنگ و چەڵەمەی هەیە بەڵام دەتوانێ سەرچاوەیەک بێت بۆ ناسینی کەسایەتیەکان.

محەمەد ساڵح ئیبراهیمی(شەپۆل)، زانایانی کورد، ناشر: چاپەمەنی محەممەدی(سەقز)، چاپی یەکەم، ١٣٧٩(٢٠٠٠)، ٢٧٥ لاپەڕە.